

## کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال وەکوو بەشێک لەئاڵترناتیڤی سیاسی دواڕۆژی کۆمەڵگای ئێران دەزانین

### ئا: ئاسۆی رۆژهەلات

لەگەڵ چوونە سەرەوەی داخوازی بەشێکی زۆر لەحیزبەکانی سەر بەنەتەوە بندەستەکانی ئێرانو پاش ئەوەی بەجۆرێک پرژ وبلاوی لەناو هەڵوێستە گرتنو بڕیاردان لەمەڕ کێشە هەنووکەییەکانی ناوخۆی ئێران دا دەبینرا و لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی بۆ دواڕۆژی ئێران خاوەن پرۆژەیەکی یەکگرتووانەو تۆکمە بن، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵی لەلایەن بەشێک لە حیزبە سیاسیەکانی نەتەوە بندەستەکان ئێرانەوە هاتە دامەزران. ئێستاکەو بۆ زیاتر ئاگادار بوون لەچۆنیەتی سەرهەڵدانو رەوتی کاریگەرییە ئەرێنەکانی ئەم کۆنگرەیەو هەروەها رەوتی بەرەوپێشچوونو هەنگاوەکانی داهاتووی بەرەو ئاسۆیەکی پرشنگدارتری ئەم کۆنگرەیە، ئاسۆی رۆژهەلات وتووێژێکی سازداوە لەگەڵ هاوڕێ ناهید بەهمەنی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو نوێنەری کۆمەڵە لەم کۆنگرەدا.

ئەوەی لەخوارەوە دێت دەقی وتووێژەکەی ئاسۆی رۆژهەلاتە لەگەڵ هاوڕێ ناهید بەهمەنی.

***

**ئاسۆی رۆژهەلاَت:** تکایە ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە پێویستییە هەنووکەییەکانی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال بۆمان بدوێیت؟

**هاوڕێ ناهید بەهمەنی:** ئێران ولاتێکی فرە نەتەوەییە، دەتوانین بلێین کە فرەنەتەوەترین ولاَتە لەهەموو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. شەش نەتەوەی سەرەکی کە بریتین لە: تورکی ئازەربایجانی، کورد، فارس، عەرەب، تورکمەنو بەلووچ بەهۆی تایبەتمەندییە مێژووییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆرییەکانەوە لەچوارچێوەی ئێراندا پێک گەیشتوونو رێژەی نزیک بە شەست لەسەدی دانیشتووانی ئەم ولاَتە پێکدێنن. ئەم نەتەوانە لەهەلاواردنێکی لەمێژینەی سیاسی، ئابووریو کولتوریدا بەسەریان بردووەو بەسەر دەبەن. ئەو کاتەش کە وەستاونەتەوەو کوَلیان نەداوە بە توندوتیژترین شێوە سەرکوت کراون. مێژووی لانی کەم سی ساڵەی رابردووی خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی روژهەلات نیشان دەری ئەم راستیەیە. بەلاَم لەچەند ساڵ لەمەوپێشەوە خەبات لەکوردستان تا رادەیەک لەم تەنیاییە دەرهاتووەو بەخۆشحاڵییەوە گەلانی دیکەی ئێرانیش گەیشتوونە پلەیەکی بالاتر لەخۆوشیاریو هەوڵدان بوَ وەدەستهێنانی مافەکانیان. جا بۆیە لەسەر وەها زەمینەیەکی وەخەبەرهاتن و تێگەیشتنی گشتی دایە کە سازکردنی رێکخراوێکی نەتەوە بندەستەکان بە مەبەستی خوَتەیارکردنو خۆناساندنی زیاتر لەجاران بە

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

بەشداری هەموو نەتەوەکانی بندەستی ئێران دێتە کایەوەو جیدییەتێکی زیاتر بە پرۆژەی یەکگرتوویمان دەبەخشێت.

"کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" لە فێڤریەی ساڵی 2005 دا لەکۆبوونەوەیەکی گشتی بە بەشداری زۆربەی نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران لە تاراوگە پێکهات.

**ئاسۆی رۆژهەڵات:** دەکرێ پێمان بڵێی نەتەوەکانی پێک هێنەری ئەم کونگرەیە کامانەن‌و بە چ ناوێکەوە لەم رێکخراوەدا بەشدارن؟

**هاوڕێ ناهید بەهمەنی:** "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" بریتیە لە پازدە حیزب و رێکخراو کە بەم چەشنە نوێنەرایەتی نەتەوەکانیان لەم کۆنگرەیەدا ەکەن: انجمن فرهنگی و هنری کردهای خراسان- پارت ازادی کردستان- جبهەی مردم بلوچستان- جبهەی متحد بلوچستان(جمهوریخواهان)-حزب ملی بلوچستان ایران- حزب دمکرات کردستان ایران- حزب اتحاد بختیاریولرستان-حزب مردم بلوچستان- حزب همبستگی دمکراتیک اهواز- حرکت ملی ترکمنستان- حرکت ملی دمکرات ترکمن- سازمان دفاع از حقوق خلق ترکمن- حزب کومەلە کردستان- کانون فرهنگی ازربایجان- کمیسیون دیپلوماتیک ازربایجان جنوبی.

**ئاسۆی رۆژهەڵات:** ئێوە رەوتی بەرو پێش بردنی کارەکانی کۆنگرە چۆن دەبینن‌و بە رای جەنابت تا ئێستا ئایا توانیویەتی سەرەڕای زۆر رخنە لەلایەن حیزبو لایەنەکانی دیکە جێگەی خوی بکاتەوە؟

**هاوڕێ ناهید بەهمەنی:** جواب لەم بارەیەوە موسبەتە. هەموو کەس رەنگە تا ڕادەیەک ئاگادار بێت کە خۆ لەکێشەیەکی ئاوا دان‌و پێکهێنانی رێکخراوێکی وەها فرەچەشن‌و بۆ مەبەستی خەبات لەپێناو مافی نەتەوە بندەستەکاندا، ئەویش لەوڵاتێکدا کە لایەنی زۆرینە بێبەش‌و بێدەنگ کراون، رەنگە وەکوو "ئاو کردنە ناو هێلانەی مێروولە" بێت. هەر وەهاش بوو و پێکهێنانی ئەم کۆنگرەیە لەچەپەوە هەتا راستی هارووژاندو بارانی رخنەو تەنانەت تۆمەتیش دەستی پێکرد. لە ئاکامدا تا رادەیەکی بەرچاو بوو بە هۆی ئەوەی کۆنگرەی پێ بەناوبانگ بوو و سەرنجی دنیای سیاسەتی تا رادەیەکی زور بۆ راکێشرا. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە چالاکییەکانی ئەم چوار ساڵەی ک.ن. ئ. ف. بە تایبەت لە ئاستی نێونەتەوەییدا یارمەتییەکی باش بووە بۆ ناساندن و جێکەوتنی. هەر چەند دەبێ هەوڵەکان زور لەمەش زیاتر بن. من لەو بڕوایە دام کە کەش‌و هەوای سیاسی‌و خەباتکارانە بۆ گەشە پێدانی تێکۆشان لەپێناوی مافخوازی نەتەوەییدا ئێستا لەئێران لە هەموو کاتێک لەبارترە . هەلەکان دەبێ لەم پێناوەدا بە شێوەی پێویست بقوزرێنەوە.

**ئاسۆی رۆژهەڵات:** بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران رۆڵی بەرچاویان لەم کونگرەدا تا هەنووکە گێڕاوە، دەکرێ ئەوەمان بۆ باس بکەن ئەم رێکخراوە تا ئێستا چەندە توانیویەتی ئەو ئامانجانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لەبەر چاوی بوو بیگەیەنێتە ئەنجام؟

**هاوڕێ ناهید بەهمەنی:** ئێمە لە سەر پەیڕەو و بەرنامەیەکی سیاسی راگەیەندراو یەکمان گرتووە کە لەوێدا وتوومانە روخانی رژێمی کۆماری

ئیسلامی مەرجێکی سەرەکی دامەزراندنی حکومەتێکی دیمۆکراتیک و فیدرالە لەسەر ئەساسی میللی – جوغرافیایی. ئەمە میکانیزمێکە بۆ جێخستنی ئیرادەی سیاسی نەتەوەکانی ئێران بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی ئازاد و یەکگرتوو. هەروەها داخوازی سەرەکی کۆنگرەشە.

بە پێچەوانەی هەموو پرۆپاگەندەی هێزە شۆڤێنیستەکان و "تەمامییەتخوازان" تەنیا ئەم سیستمە گەلانی ئێرانو سەرزەمینەکەیان لەیەک ناترازێنیو هاوکات لەگەڵ بە رەسمی ناسینی جیاوازییەکان، مەحروومییەتەکانیش قەرەبوو دەکاتەوەو یەکگرتوویيو پێکەوە ژیانیش دەسەلمێنێت. فێدرالیزم یانی نە رەش و نە سپی، نە جیابوونەوەو نە بێمافیو ئەسیمیلە بوون، یانی دووری لەبیرتەسکیو دەمارگرژی. یانی راگرتنی بالانس و هاوسەنگی لەولاتدا و بەکورتی فێدرالیزم یانی گۆڕانی موناسەباتی نێوان نەتەوەکان لە حاکم و محکوم و زالم و مەزلوومەوە بۆ هاوکاریو هاوچارەنووسی لەئاست یەکتر و بۆ یەکسانی نەتەوەکان.

ئێمە "کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال" وەکوو بەشێک لە ئالترناتیڤی سیاسی دوارۆژی کۆمەڵگای ئێران دەزانین. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەبەستە کار و ئەرکمان لەهەنووکەدا هەوڵ دان بۆ جێخستنی ئەم سیاسەتەیە تا لەئەگەری ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا بەکردەوەش دەربێت. بۆ ئەم مەبەستە هەم لەناوەوەو بۆ خەڵکەکانی خۆمانو هەم دەرەکیش لەئاستی نێو نەتەوەیی بە گوێرەی توانامان هەوڵی پێویستمان داوە. دیارە حیزبە کوردییەکان توانای سیاسی و ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی زۆرتریان هەبووە و هەر بۆیەش دەوری چاکتریان گێڕاوە.

**ئاسوَی روژهەلات:** لە کۆتاییدا پێمان خۆشە وەکو نوێنەری کومەڵە لەم کونگرەدا بڵێی چەندە بە سەرکەوتنی هەنگاوەکانی داهاتووی ئەم کونگرەیە گەشبینی؟

**هاوڕێ ناهید بەهمەنی:** تا ڕادەیەکی زۆر. هەروەکوو پێشتریش باسم کرد وشیاری گشتی و تێکوشان بۆ خەباتی مافخوازانەی نەتەوەیی بە بڕوای من ئێستا زۆرتر لەهەموو کاتێکی دیکە خوَی دەنوێنێ، هەروەها پێویستیی هاوکارییەکی درێژخایەن لەنێوان نەتەوە بندەستەکان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە لەهەمیشە زیاتر هەست پێکراوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانە، پشتیوانی خەڵکەکانمان دڵخۆشی کردووین .ئەگەر چی رەنگە لەم رێگایەدا گیر و گرفتو کێشەو ناکۆکیش بێتە پێشەوە، بەڵام ئەمە تایبەتمەندی کاری بەرەیی و ئیئتیلافییە و دەبێ لەسەرخۆ و بەحەوسەلە بین.

**ئاسوَی ڕوَژهەڵات:** زوَر سپاس لەبەشداریتان لەم وتوویژەدا. ئاسوَی ڕوَژهەڵات پاش دەستخۆشیو بەردەوام بونتان لەکاروچالاکی سیاسی هیوای سەرکەوتنتان بوَ دەخوازێ.

و:منیش سوپاستان دەکەم بوَ ئەو دەرفەتەی لەلایەن ئێوەوە بۆم رەخسا بوَ ناساندنی زیاتری "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال" و داواکاری ئەوەم کە لە دووحەوتوونامەی "ئاسوَی ڕوَژهەڵات"دا کێشەی نەتەوەکانی ئێرانو داهاتووەکەی زۆرتر بخەنە بەر دیدەی خوێنەرانی. ئاواتم سەرکەوتنتانە.

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

| | Print |
| --- | --- |

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de